ڕانانی کتێب

**کتێب: مەرگی وەنەوشە**
**نووسەر: یاسین قادر بەرزنجی**
**سلێمانی، ساڵی ۲۰۰۰**

هەرچەندە ئەم کتێبە دوو ساڵ دەبێ کە چاپکراوە، بەڵام من حەزمکرد، گەر درەنگیش بێ، هەر بیهێنمەوە ناو خەیاڵ و بەرچاوان و لەوە ئاگادارتان بکەمەوە کە ئەم کتێبە و پاڵەوانی ئەم ڕووداوانە، ئەوەتان لەناوماندا دەژین و هەموو ڕۆژێ، لە هەموو شوێنێ، دەیانبینین و دەمانبینن، چ مردوو بن و چ زیندوو، چ لە بەندیخانە بن و چ لە زیندانی ماڵەکان، چ کوژراو و چ بکوژەکان غەریب نین بە ئێمە.

چیرۆکە هەواڵ، کە بەسەرهاتی ۳۳ تاوانە و لە دۆسییەکانی دادگاوە، یاسین قادر بۆمان دەگێڕێتەوە، تێکەڵییەکە لە چیرۆک و هەواڵ و فەنتازیا و غەم، تێکەڵییەکە لە باوک سالاری و دڕندەیی و ناڕێکی... خواروخێچییەکە لە سیستەمی پەیوەندییەکاندا، کە نەک تەنها کورد، بەڵکو هەموو کۆمەڵگاکانی وەک ئەوەی ئێمە بەدەستییەوە دەناڵێن و کەس دەنگ ناکات.

دوو ساڵ دەبێ کە ئەم کتێبە وەک کۆمەڵە هەواڵێک چاپبووە. نووسینی ئەم هەواڵانەش دەگەڕێتەوە بۆ کاتێکی زووتر و بەسەرهاتەکانیش کەوتوونەتە نێوان ساڵی ۹۳ تا ۹۹ . وەک دەبینن ئەم کتێبە کاتێکی هەتا بڵێی زۆری هەبووە کە مشتومڕ و لێدوانێکی بەرفراوانی بەخۆیەوە ببینایە کەچی ئەوەتا تا ئێستا کەس خۆی نەکردووە بە خاوەنی. ئەم کتێبە نایابە وەک زۆربەی کتێبەکانی تر بە ژان و ئازارێکی سەیرەوە لەدایکدەبێ و دوای چاپبوونی بەماوەیەکی کەم بێدەنگ دەبێ و بە هێمنی سەردەنێتەوە. لەڕاستیدا ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایانەی خۆرئاوا کە ئێمە تیایاندا دەژین، وەنەبێ ئەوان لە ئاسمان بن و ئێمەش لە عەرز، وەنەبێ ئەوان زیرەک و

ئێمەش تەممەڵ، ئەوان ئیشکەر و ئێمەش لە کوردستان لاڵوپاڵ لێیکەوتبین، نا... وا تێمەگەن، بەڵکو زیاتر ئەوەیە کەکۆمەڵگاکانی وەک ئەوەی ئێمە، کۆمەڵگایەکی داخراون، داخراو بەو مانایەی کە پرسیار تیایدا ونە، کە ڕووداوەکانی ناوی بەرزناکرێنەوە بۆ ئاستی وتووێژ، کە حەزمان لە گۆڕان نییە و لە ڕۆتینیاتی ژیانی خۆمان، ئەو ژیانەی کە پێی ڕاهاتووین جیانابینەوە، وە هەموو هێزی خۆمان بۆئەوە بەکاردەهێنین کە زیاتر و زیاتر دایبخەین.

لێرە لە خۆرئاوا هەریەک لەو تاوانانەی کە یاسین قادر باسیکردووە، ڕوویبدایە، هەموو کۆمەڵگای دەشڵەقاند و بە دەیەها سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و پانێلیان بۆ سازدەکرد و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لاپەڕەی زۆریان بۆ تەرخاندەکرد و لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنەوە، بەدەیەها کەسی یاسایی شارەزا و پسپۆری کۆمەڵایەتی و دەروونی و نووسەر و سیاسییان بانگهێشت دەکرد و گوێی دونیایان پێ کەڕدەکرد، کە کەس نایەوێت جارێکی تر لە کۆمەڵگاکەی ئەودا شتی وا ڕووبدات. کەچی لای خۆمان ئەم کتێبە تا ئێستا لە «بێدەنگی» زیاتر هیچ بەرهەمێکی لێ نەکەوتۆتەوە.

من هیوادارم و وا چاوەڕوان دەکەم کە ئەم کتێبە جارێکی تر بخوێندرێتەوە، و بەڕاستی بتوانێ کارێکی گەورە ئەنجامبدات بەتایبەتی لە گۆڕینی زۆر لە یاساکانی ناو دادگا و تێڕوانینی مرۆڤی ئێمە و بەتایبەتی سیاسییەکانمان بەرامبەر بە ئافرەت و مافی ناڕەوای کوشتن. بەڵام لێرەدا دەبێت ئیشێکی جدی بکرێت نەک سەرپێییانە. سیاسییەکانی ئێمە بۆئەوەی بتوانن ئەو مافە لە خەڵک بسەننەوە دەبێ لەپێش هەموو شتێکدا ئەو مافە لە خۆیان حەرامبکەن، بۆئەوەی ئەوان بتوانن وا بکەن کە برا خوشکی خۆی نەکوژێت، باوک دەستی نەچێتە کوشتنی کچی خۆی، مێرد ئەو مافەی نەبێت، کە تەنانەت شەقازللەیەکیش لە ژنی خۆی بدات، مامۆستا بۆی نەبێت لە قوتابی بدات و لەسەر شتێکی وا لێی بپرسرێتەوە، دەبێ پێش ئەوە سیاسییەکانی ئێمە مافی کوشتن لە خۆیان بسەننەوە، مافی باوکسالاری و فەنتازیای حوکمکردنی دونیای نێو خەیاڵی ئەوان نەمێنێت. کوشتن بەناوی شەرەفەوە درۆیەکی گەورەیە، تا کەی بیکەین؟ شەرەفێک کە زۆربەی زۆری

پیاوانی ئێمە تەنها و تەنها لە مابەینی دوو قاچی ئافرەتەوە شانازی پێوە دەکەن، ئای چەند شەرمە شەرەف لەویا بێت. لێرەدا دەبێ دەستکارییەکی زۆر دڵسۆزانەی ئەو یاسایانە بکرێت، ئەو یاسایانەی کە کۆمەڵگای ئێمەی زۆر دڕندانە پێ بەڕێوە دەچێ. من بەختیار دەبم کە ئەم کتێبە بتوانێ زۆر لەو یاسایانە بگۆڕێت و ئەم چیرۆکە هەواڵانە موچرکێکی گەورەیە و پێویستە تێڕوانینمان بۆ دونیا بگۆڕێت و جوانتر و پاکتر و ئینسانی تر سەیری یەکتر و شتەکان و پەیوەندییەکان بکەین، شەرم بکەین کە لە کۆمەڵگاکەی ئێمە و شارەکەی ئێمەدا تاوانی وا ڕوودەدات. من پێم گرنگە کە یاسین قادر بەهۆی ئەو هەواڵانەوە ئێمەی نووسەتووی بەئاگاهێنایەوە و هیوادارم ئەو و ئەو ڕۆژنامەنووسانەی تریش لە کارەکانیاندا بەردەوام بن.

31-01-2002

ئارام کاکەی فەلاح